# لەگەرمیانەوە بۆ هۆڵی دادگاییکردنی سەددام



نوسینی: تەها سلێمان

## بەراییەکی کورت:

ڕۆژێك لەڕۆژان بەئومێدی ئەوە بووم یان ڕوونتر ئومێد و خەونی هەرە گەورەم ئەوە بوو، ببینم سەددام و دارو دەستە دکتاتۆر و شۆڤێنینیەکەی لەسەر تاوانە دژە مرۆیی و ترسهێنەرەکانیان دادگایی بکرێن. ئەمە خەون بوو، بەلاّم خەونێکی بابەتی و چاوەڕوانکراو. لەپاڵ ئەوەشدا خەونم بەوەوە دەبینی لەدادگایکردنی سەددام و دارو دەستەکەیدا بۆ ساتێکیش بێ لە نزیکەوە پرۆسەی دادگایەکە ببینم و بەپێچەوانەی ئەوەی تەنها لە شاشەی t-v یەکانەوە پرۆسەکە ببینم. چونکە ئەم تاوانبارانە بوون ئازیز ترین کەسیان لێدابڕین و هەرچی مرۆڤایەتی بێزی لێدەکاتەوە ئەوان پەنایان بۆ برد و بەکاریان هێنا. دادگایەکە دەستی پێکردوەو خەونی ئامادەبوونەکەم لەهۆڵی دادگا تەنها ناخی خۆمی داپۆشیوەو پەنجەرەیەك نیە بیگرێتە خۆ. ڕۆژانە دەیان پرسیار تایبەت بەم هەستەم یەخەی دەگرتم و بێ وەلاّم دەمانەوە. دواجاریش هەموو پرسیارەکان دەبوونە ئەم پرسیارە: ئایا کەسێك لە هەڵسوڕێنەرانی پرۆسەی دادگاییەکە هەست بە ماندووبوونی چەندین ساڵەی پڕ لە بەرپرسیارێتی ئێمەی کەنارییەکان دەکا و هەوڵ دەدا بواری ئامادەبوونمان لە هۆڵی دادگا بۆ بڕەخسێنێ؟

## مژدەیەکی خۆش:

ڕۆژی 2006/10/2 (لەتیف فاتح فەرەج)ی ڕۆژنامە نووس و شاعیری هاوڕێم تەلە فۆنی کردو وتی: کاك کامەران بەناوی (ناوەندی چاك و سەنتەری ئەنفال)وە میواندارییەکی بۆ ڕێك خستووین بۆ ئامادەبوونمان لە هۆڵی دادگایکردنی سەددام و دارو دەستەکەی لەڕۆژی 9 و2006/10/10 ). ئەم هەواڵە لە ناخەوە هەژاندمی و بەدیوەکەی تریشدا تاسەر ئێسقان دڵخۆشی کردم، چونکە بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی تەمەنم کە هۆشم کردوەتەوەو ئەو چەند ساڵەش کە وەك ڕۆژنامەنوسێك کارم لە بواری ئەنفال و دەرهاویشتە فرە جەمسەرەکانیدا کردوە و دواتریش لەوەتەی دادگاییەکە دەستی پێکردوە خەون بەم ساتەوە دەبینم کە(لەتیف)ی هاوڕێم پێی ڕاگەیاندم. ئاخر چۆن دڵخۆش نەبم منێك (18)ساڵی ڕەبەق بە ئازارو ئەندێشەی کۆستێکەوە بخولێمەوەو زۆر جاریش ناخی خۆمی لەبەردەما بکرۆژم و هیچی تر، کەئەم ساتە هەواڵی شەرەفی میوانداری ئەو هۆڵەم پێڕابگەیەنرێ کە دڕندەو جەلاد و دکتاتۆرەکانی ئەنجامدەری ئەم کۆستەی تیا دادگایی دەکرێن. دوای ئەوەی (لەتیف) جارێکی تر هەواڵەکەی بۆ پشت ڕاست کردمەوەو تەلە فۆنی بۆ کردمەوە ، ڕۆژی 3 و 4ی مانگی 2006/10 بەرەو سلێمانی بەرێکەوتم بەمەبەستی ڕایکردنی کارو بارەکانی ڕۆشتنەکەمان ، چونکە سەفەر بۆ بەغداد تۆزێك قورسە و ئاسان نیە و هەندێك مەترسیشی لەسەرە، لەسلێمانی (لەتیف) خۆی گەیاندمێ و وردەکارییەکانی ڕۆیشتنەکەمان باسکرد و ڕێ و شوێنەکانیمان دەستنیشان کرد و ناوی وەفدەکەی پێوتم کەئەمانە بوون( محمد حمه سالّح تۆفیق، لەتیف فاتح فەرەج، سەلام عەلی، مەجید سالّح، سالار مەحمود، عبدولاّ کریم،

تەهاسلێمان، عومەر مەحمەد، عارف قوربانی، فەرهاد حاتم)، بەداخەوە هەریەك لە(سەلام عەلی، عارف قوربانی ، فەرهاد حاتم)لەبەر ئیش و کاری تایبەتی خۆیان نەیانتوانی هاو سەفەرمان بن بۆ ئەم میواندارییە.

## لەگەرمیانەوە بۆ بەغداد

رۆژی 10/6 هەموومان لەسێمانی بووین کە رۆژی دیاری کراوی سەفەرکردنمان بوو بۆ بەغدا ، راستیەك کە روخساری هەموومانی داپۆشی بوو ئەویش ئەوەبوو بۆ وەڵامی پرسی چەندینساڵەی چاوەڕوانیمان هیچ گرفت و کێشەیەکمان نەدەبینی ، ئەو رۆتینیاتەش کە دەهاتە ریمان گوێمان نەدەدایە و بانگهێشت کردنمان و رۆشتنمان بۆ بەغداد و ئامادەبوونمان لە هۆڵی دادگا لە هەمووشتێ لاگرنگتر بوو. لە کاتژمێری 9ی بەیانیەوە تا کاتژمێری 2/30 لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی بووین، بەڵام کەس مان هەستمان بە بێزاری نەدەکرد چوون بۆ بەشداری لە بەرپرسیاریەتێەکی نیشتمانی و ئەخلاقی دەرۆیشتین . کاتژمێر 3/30 لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداد دابەزیمان دەبێ بۆ مێژوو بیڵێم کاك حاکم ئەحمەد و خالد شوانی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق زیاد لە پێویست لەگەڵمان ماندووبوون بۆ خۆم جۆرێك شەرم لەئاستیاندا دایگرتبووم ، بەڵام زوو زووش دەیان وت: ئەمە ئەرکی نیشتمانی و ئەخلاقی خۆمانەو پێویست بەسوپاس ناکات . تەنانەت کاك خالد شوانی لەماوەی ئەو چەندرۆژەماندا لەبەغداد ماڵەکەی خۆی بۆ چۆڵ کردین و هەموو پێداویستی و کەل و پەلێکی بۆ دابین کردین. بابگەڕێمەوە بۆ ناوەرۆکی بابەتەکە لە ناو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداد زۆر کەم هەست بەبەرپرسیاریەتی بەرپرسان و کارمەندانی ناو فرۆکەخانە دەکەی بە دیوەکەی تریشدا بۆت دەردەکەوێت سیمایەکی ئەمریکیانە روخساری زۆربەی هەرەزۆری فرۆکەخانەکەی داپۆشیوە . ئەو شۆفێرانەی کەلەناو فرۆکەخانەوە بەتەکسی میوانەکان دەگوێزنەوە بۆ شوێنی مەبەست سیمایان ئاسایی نیە و مرۆڤ لە یەکەم ساتی بینینیاندا پرسیاری سەیرو خێرا خێرا دەخوێنێتەوە ، ئێمە بە دوو تەکسی لەناو فڕۆکەخانەوە بەرەو ناوچەی سەوز بەڕی کەوتین، یەکەم تەکسی کە کاك حاکم ئەحمەدیان لەگەڵ بوو گلۆپی چونەژورەوەیان بۆ هەڵکراو تەکسی دووەم ئۆکەیمان بۆ نەکرا بچینە ژوورەوە، پاش تۆزێك کاك خالید شوانی و کاك کامەران خۆیان گەیاندە لامان و ئۆکەی چونەژورەوەیان بۆ وەرگرتین، هەرلەگەڵ چونە ژورەوەمان بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێك تەقەیەکی زۆر لە گەرەکەکانی نزیك ناوچەی سەوزەوە دەستی پێکرد . دیارە بۆ دانیشتوانی بەغدا لەو جۆرە تەقانە زۆر ئاسایی یەو راهاتوون لەگەڵیا، وەکی تر بوەتە دیاردەیەك و جاری واش هەیە لە دەقیقەیەکدا یان زیاتر تەقە دەکرێ و خەڵك دەکوژرێ و دەرفێنرێ و تیرۆردەکرێ و تەقینەوە رووداداو هتد.... دەمەوێ لێرەدا راستیەك بگێڕمەوە مرۆڤ چەندە بێزار و بێتاقەتە لەو تیرۆر و رەشەکوژیەیی کە لەگەڵ یەکەم هەنگاوی چونەژوورەوەی بەغداد هەناسەت تەنگ دەکات ، زیاتر لەوەش بێزارە لەرۆتین و شێوازی مامەڵەی عەسکەرتاریانەی ئەمریکی و بیانییەکان ، بۆ نموونە دووری نێوان فڕۆکەخانەی نێو دەوڵەتی بەغدا و ناوچەی سەوز یەك چارەك سەعاتە کەچی لەبەر رۆتین وکۆنترۆڵی جۆراوجۆرو پرسگەی زۆرو زەبەند نابڕێتەوە .دیارە نەك تەنها بۆ میوان یان هاوڵاتیەکی ئاسای کە ئەویش دەبێ لەگەڵ هەڵگری باجێکی تایبەتی ئەمرکییەکان بچێتە ژوورەوە بەڵکو ئەم رۆتینە تەنانەت بۆ ئەندام پەرلەمان و وەزیر وفەرمانبەرە باڵاکانی حکومەتیش کاری پی دەکرێ.

## سەردانی جۆراوجۆر:

لەگەڵ گەیشتنمان بە بەغداو جێگیربوونمان لە ناوچەی سەوز بە پی بەرنامەیەك هەندێ کەسایەتی وشوێنی تایبەتمان بەسەر کردەوە یەکێك لەو کەسایەتیانە:محمد عورەیبی سەرۆکی دادگای تاوانەکان لە عێراق بوو ،شەوی 2006/10/7/6 لە رێگای کاك خالد شوانیەوە کاتی دیدارەکەمان بۆ دیاری کراو پێش ئەوەی ئێمە بگەینە ماڵەکەی بینیمان بە پیریمانەوە هاتووە. پاش ئەوەی بە بۆنەی تیرۆرکردنی زاوایەك وخوشکەزاکەی و برینداركردنی خوشکێکیەوە پرسە وهاوخەمی خۆمان وکەس وکاری ئەنفالکراوەکانمان پێ راگەیاند بەرێزی ووتی :شانازیەکی گەورەیە بۆمن کە ئێوە لەکوردستانەوە هاتوون وپرسەی خۆتان وکەس وکاری قوربانیانی ئەنفال بە من دەگەیەنن من هیچم نەکردووە بۆ ئەنفال جگە لەوەی رێوشوێنی یاساییم لەسەر تاوانباران گرتۆتە بەر،تەنانەت ئەگەر تیاشبچم یاسا

لەسەر تاوانباران جێبەجێ دەکەم).داوەر محەمەد عورەیبی کە ئێستا سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی داداگا دەکات لەسەر تاوانی ئەنفال دوای داوەر عەبدولاّ عامری دانراوە کە لەسەر ناکاری وبو تایبەت کە گەورە دیکتاتۆر سەددامی ووت :تۆ دیکتاتۆر نیت). پێویستە بگوترێ دادوەر محەمەد عورەیبی خۆی وخێزانەکەی وبەشێك لە خزمەکانی لەژێر هەرەشەو گوشاری توندی باڵی سەربازی و مەدەنی وبەعسیکاندان ،خۆ ئەگەر محەمەد عورەیبی وەك عەبدولاّ عامری نەرمی بنواندایە بە جەلادێکی وەك سەددامی بوتایە(تۆ دیکتاتۆر نیت) ئەوا بێگومان بەعسیەکان نەك هەوڵی تیرۆرکردنی خۆی وخێزانەکەیان دەدا بەڵکو دەسخۆشیشیان لێ دەکرد .

رۆژی 2006/10/7 سەردانی داوەر رائید جوحیمان کرد ،ئەم داوەرە گەنجە ولە رووی ئاینیشەوە سوننە مەزهەبە وکە دەکەویتە گفتوگۆ لەکەڵیدا وەك داوەرێکی شارەزا ویاساناس دەردەکەوێت. روونتر(جوحی) بەدنیا بینیەکەوە دەینوارِیە مەسەلەی دادگای کردنی سەددام وتاوانارەکانی دەوروبەری. ئەو پێی وابوو دەبێ کار بۆ ئەوە بکەین سەربەخۆیی دادگا ویاسا بپارێزرێت تا بتوانین دوا بریاری دادگا سەبارەت بە تاوانەکانی تر بە رەسمی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بناسێنن وتەوزیفی بکەین .جوحی روونتر قسەی کردوو وتی:دەخالەتی حکومەت وعەسکەر هیچ شەرعیەتێك بۆ دادگا وبریارەکانی ناهێڵێ ،یان لە رووی نێودەوڵەتیەوە شەرعیەتی دادگا وبریارەکانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە) ئەم قسە گەلانەی(جوحی) زیاتر لەویەوە سەرچاوەی دەگرد کە نەدەبوو (نوری المالکی)سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق راستەوخۆ بریاری لادانی دادوەر(عەبدولاّ عامری)بدایە، بەڵکو پێویست بوو دادگا ئەو بریارەی بدایە چونکە وەك لە سەرەوە ئیشارەتم پێ کرد ئەو پێی وابوو ئەم دەخالەتی حکومەتە لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی شەرعیەتی دادگا کەم دەکاتەوە.لە لایەکی تریشەوە(جوحی)بە شانازیەکی گەورەی دەزانی کە ئەو وەك دادوەری لێکۆڵەروە مەتمانەی لێکۆلینەوەی لە گەڵ سەددام وتاوانبارەکاندا پێ سپێردرابوو .پێشی وابوو سەددام وتاوانبارەکان بە هەموو پێوەرە یاساییەکان سزای تاوانەکانی خۆیان وەردەرگرن ،بەتایبەت تاوانی کیماباران وئەنفال وکۆمەڵ کوشی دژ بەگەلی کورد هێند گەورەن مرۆڤ ناتوانێ بە تەواوی گوزارشتیان لێ بکات .

رۆژی 2006/10/8 بەپێی مەوعیدێك کە بۆمان رێکخرابوو سەردانی ماڵی داکۆکیکاری گشتی کەیسی ئەنفال(مونقز ئالعیمران)مان کرد.پاش بەخێرهاتن وپێشوازیەکی گەرم ،داکۆکیکاری گشتی بە دوور ودرێژی باسی پرۆسەی دادگاییکردنەکە ویەتایبەت کەیسی ئەنفالی لە دادگای تاونەکانی عیراق کرد.ئەو پێی وابوو تاوانی ئەنفال وکۆمەڵکوژی گەلی کورد بە سەدان و هەزاران بەڵگەی زیندوو ساغکراوەی لە خۆ گرتووە و هیچ کەس ولایەنێك ناتوانێ لە گەورەیی وناوەرِۆکی مەترسیداری تاوانەکە کەم بکاتەوە . ئێمە مەترسی ئەوەمان خستە روو کە رێو شێوێنی نا یاسایی بەرامبەر بە کەیسی ئەنفال بگیریتە بەر ومافی تەواوی خۆی پێ نەدرێ لە دادگادا. داکۆکیکاری گشتی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە نەك تەنها رێوشێونی نایاسایی ناگیریتە بەر، بەڵکو ستافی دادگا سەر سەختانە لە چواچێوەی یاسادا دژی دەوەستێتەوە و ئەو بەڵگە ودێکۆمێنتانەی لەبەر دەستی دادگا ودەستەی داکۆکیکاری گشتیدایە بواری قسەکردن وپاساو هێنانەوە بۆ تاوانباران وتەنانەت ئەگەر شاهیدیشیان هەبێ ناهێڵێتەوە و دادگا سزایان بەسەردا دەسەپێنێ . تەنانەت تەکیدی کرەوە بەبێ ئەوەی سکالاّکانی چوارچێوەی کەیسی ئەنفال لە دادگا ئامادە بن وسکالاّ تۆمار بکەن ، بەتەنها ئەو بەڵگانەی لەبەر دەستان تاوانی ئەنفال وکۆمەڵکوژی لە چوار چێوەی ئەنفالدا لەو ژن ومنداڵ وگەنج پیر وگەنج ساغ دەکەنەوە .بەدەر لەچوارچێوەی دادگا وکارە یاساییەکانی ناو دادگا (ئالعیمرانی)خۆی بە دۆستی گەلی کورد دەزانێ ودیسان ئەویش مەتمانە پێدانی کەیسەکە وەك داکۆکیکاری گشتی بە شانازییەکی گەورە دەزانێ وپێشی وایە دەبێ لە ئاستی راییکردنی ئەرکەکانی ئەو متمانەیەدا بێ.

## گەشتێك بۆ کۆشکی کۆماری:

پێش دوو ساڵ کەسێك بەناوی (کامەران) لەگەرمیان هاتە لام ویەکترمان ناسی. دیاربوو پێشتر لەلایەن چەن برادەرێکەوە ناوی منیان پێدابوو کەوا ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی ئیشی دیکۆمێنتکاری ونووسین ورۆژنامەنووسیم لە بواری ئەنفالدا. پاش یەکتر ناسینی بۆم دەرکەوت کاك(کامەران) سەرقاڵی کارکردنە لەبواری ئامادەکردنی پێویستیەکانی کەیسی ئەنفالدا، تایبەت بە دادگاییکردن سەددام وتاوانبارەکانی دەووروبەری . ئەوەی ماوەیە رابردوو

پەیوەندیمان بەردەوام بوو لە گەڵ کاك کامەراندا . لەیەکەم ڕۆژی گەیشتنمان بە بەغدا ڕاستەوخۆ پەیوەندی پێوە کردین وبەخێر هاتنی کردین. وەك وتیشم کاك کامەران خۆی ئەم میواندارییەی بۆ ڕێك خستبوین وئەرکێکی زۆری کەوتبووە سەر ئێوارەی ڕۆژی 2006/10/7 لەگەڵ خێزانەکەی گەشتێکی بۆ (لەتیف فاتیح فەرەج ومامۆستا محەمەد حمە ساڵح ومن)بۆ ناو کۆشکی کۆماری ڕێکخست. بێگومان ئەگەر کەسێك وەك کاك (کامەران)نەبوایە بە ئاسانی ناتوانی بچیتە کۆشکی کۆماری ، چونکە کۆشکی کۆماری باڵوێزخانەی ئەمریکای لێیە ولە پرۆسەیەکی ئەمنی توند وتۆڵدا چوار دەوری تەنراوە و ئەوەشی باجی باڵوێزخانەکەی پێ نەبێ ناتوانێ بچێتە ژوورەوە .بەکورتی وەك چۆن کۆشکی کۆماری لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا بۆ سەددامی گەورە دیکتاتۆر و دەست وپێوەندەکانی کراوە وبۆ خەڵکی تر نەبوو بەدوورایی هەزار مەتر بە بەردەمیدا تێپەڕ بێت، ئێستاش ئەوایە و مەگەر تەنها بەیەك شێوە ئەویش ئەوەیە فەرمانبەرەکانی باڵوێزخانەکە بۆیان هەیە دوو تا سێ کەس وەك میوان ببنە ژوورەوە . با بیمەوە سەر باسەکە چووینە کۆشکی کۆماری من بۆ خۆم توشی سەرسورمانێکی سەیر بووم پێم وابوو ئێمە لە بارەی سەددامی دیکتاتۆر وشۆڤێنی وجەلاد وخوێن مەژەوە دەیزانیین بەڵکو هەر هیچ نییین چونکە ئەم خوێن مژ مرۆڤ کوژە لەگەڵ دەست وپێوەندەکانیدا کاری وای کردووە کە زۆرجار مێشکی مرۆڤیان بڕوای پێ ناکات یاخود دیخاتە بەردەم جۆرەها پرسیاری سەیرەوە . بۆ نموونە بستێك جێگا نییە لەکۆشکی کۆماریدا ناوی سەددام(س)باوکی بەپیتی (ح) پێوە نەبێ لە سەر(دەرگاکان ، پەنجەرەکان، مەڕمەڕەکان نیگارەکان ،کورسی وقەنەفەکان ، گڵۆپ وسورەیاکان، تەنانەت دەرگای تەوالێت وگەرماوەکان، بڕۆنزوو هەڵکۆڵینەکانی ناو کۆشك )،یانی مرۆڤ کە تەماشای بەر پێی خۆت دەکەی سەددام حوسێن دەبینی ، سەر هەڵدەبڕیت سەددام حوسێن دەبینی ،دەڕۆیتە ڕێوە سەددام حوسێن دەبینی ،سەر بەهەر بستێکی کۆشکا دەکەیت سەددام حوسێن دەبینی . خۆ ئەگەر بتەوێ ئەو(س)و(ح) ئانە لا بەریت ئەبێ کۆشکی کۆماری ڕووت وقووت کەیتەوە وتەنها دیوارەکەی بهێڵیتەوە ، ئەو کاتە ناوی سەددام حوسێنی دیکتاتۆر وشۆڤینی لە سەر ڕووخساری کۆشکی کۆماری نامێنێ . ئەگەر چی من بۆ خۆم دژی ئەوەم و بەلامەوە زۆر گرنگە کۆشکی کۆماری بکرێتە مۆزە خانە و دەستی تێکدان و لەناو چوونی لێبەدوور بگیرێ، بۆئەوەی نەوەی داهاتووی عێراق و کوردستان و میوانەکانی دەرەوەش بزانن (سەدام)چی جەلادێك بوەو ویستویەتی خۆی بکاتە چی مێژووو کولتورێکی سەپێنراو بەسەر واقیعی کۆمەڵگای عێراق و کوردستاندا.

کۆشکی کۆماری چەندین بەشی جۆراو جۆری لێیە. پانتایەکەشی هێند فراوانە بەئاسانی ناتوانی شارەزای بی و بیگەڕێی.ئەمە تەنیا کۆشکێکە و دیارە چەندین کۆشکی تری هاوشێوەی ئەم کۆشکە و بگرە مۆدێرنتری سەددام و بنەماڵەکەی هەن. دیارە هەر لەتەنیشت کۆشکی کۆماری بنەماڵەی سەددام و کوڕو کچ و زڕبراکانی کۆشکی سەرسووڕێنەری وایان هەیە مرۆڤ کەدەیبینێ بڕواناکا، ئەمە کۆشکی (عودەی)وئەمەهی(قوسەیی)و ئەوی تر(کچەکانی)و ئەوی تر(زڕبراکانی)و هتدلەگەڵ ئەمانەشدا چەندین شوێن و جێگای تایبەتی بۆ ئاهەنگ و بۆنە تایبەتیەکانیان کەلەسەردەمی دەسلاّتی ڕەشیاندا بەکاریان هێناون و دووراو دووریش کەس نەیوێراوە تێیان بنوارێ.

بەکورتی وبە بڕوای من ئەوەی کۆشکی کۆماری نەبینێ ئەو ڕاستییە نازانێ کە سەددام چی دڕندەو پێکهاتەیەکی نا سروشتی هەبووەو پرۆژەی خەونەکانی چەند ترسناك بوون،کە هەندێکیانی لە ماوەی دەسەلاّتداریێتیدا بەرجەستەکردو هەندێکیشیانم وەك خەون مابوونەوە.سەددام وهاوەڵە خوێنرێژەکانی کە لە بەردەم دادگادا دەنەڕێنن وشەرعیەت بۆ دادگا دانانێن،ئێستاش خەون بە سەرۆك کۆمارو دەسەلاّتی دیکتاتۆریانەی خۆیانەوە دەبینن،ئەوان ئەو ژیانە شاهانەیان لێ سەندراوەتەوە کە مرۆڤ لە ئاستیاندا توانای بیرکردنەوەی نامێنێ وتوشی شۆك دەبێ.

## بەرەو هۆڵی دادگا:

ڕۆژی 10/9 ڕابیحە خان ئەندامی پەرلەمانی عێراق وەك دەلیل کەوتە پێشمان بەرەو کۆشکی کۆنگرەکان بەمەبەستی ئەوەی بگەینە شوێنی دیاریکراو کە سەددام وداروودەستەکەی تیایدا دادگایی دەوکرێن،وەك لە پێشدا باسم کرد ئەمە خەون بوو بۆ ئێمە،خەونێك کە ئەمرۆ لە بەردەم بەرجەستە بوونیداین موچرکی دایدەگرین چونکە ئێمە بۆ بینینی دڕندەو خوێنمژێك گەیشتبوینە ئێرە کە تەنها لە شاشەی تیڤیەکانەوە چی ئەو کاتەی وەك دیکتاتۆرو شۆڤێنی

وجەلادێك دەردەكەوت وجارجاریش پێكەنینی درۆینانی دەفرۆشت و،چی ئەم رۆژانەی رابردو دوای رۆخان ولەبەر یەك هەڵوەشانی رژێمەكەی زەلیلتر لە خۆی ودارودەستەكەی لە ژێر زەمینێك هێنرایە دەرەوەو دواتریش لە قەفەسی تاوانباریدا تەنها لە شاشەكانەوە بینیمانە وهیچی تر.بەلاّم ئەمڕۆ بە هیوای ئەوەی رووبەروو لە ناو هۆڵی دادگا ئەم مرۆڤە نائاسایەی سەدە ببینین، مرۆڤێك تەنهخا لە روخسارو جل وبەرگ وهەندێك سیمای دەرەوەدا لە مرۆڤ دەچیَ،دەنا بە پێچەوانەوە رەفتارو مێژووەكەی مرۆڤ كوشتن وخوێن لەبەر چۆڕان وداهێزرانی كۆمەڵگاو كۆمەڵگوژی وهیچی تر لە خۆ ناگریَ. پاش تێپەڕاندنی رۆتینیاتی هەموو پرسگەكان وپشكنینێكی چڕو پڕ گەیشتینە ناو هۆڵی دادگا.مرۆڤ لە بەر خۆیەوە دەكەوێتە بیركردنەوەو هەنێك جاریش ئەم ساتگەلانە دەیتەزێنیَ،ئەو هۆڵەی سەددام وتاوانبارەكانی تیا دادگایی دەكریَ نهۆمی چوارەمی كۆشكێكی تری حزبی بەعسی شۆڤێنی هەڵوەشاوەو بارەگای سەرەكی(قیادەی قوتری)بووە،وەفدەكەی ئێمە دوو رۆژ لە هۆڵی دادگا ئامادەی بووین واتا رۆژانی 9ـ 2006/10/10 رۆژی یەكەم بیست میوان بووین حەوتی وەفدەكەی ئێمەو 11 بیانی ودوو میوانیش بە رەگەز عەرەب،رۆژی دووەم 27 میوان بووین،حەوتی وەفدەكەی ئێمەو 20 میوانی بیانیش،لە رۆژی یەكەمدا دەستپێكی دادگاییەكە كە خولی یازدەهەم بوو زۆر هێمن بوو،دەتوانم بڵێم ئەو كەشی هێمنیەی ناو هۆڵی دادگا زۆر جار دەگەڕێتەوە بۆ سەلیقەی وردی سەرۆكی دادگا بە دیوەكەی تردا ئەگەر تاوانبارەكان لە سەرۆی هەموویانەوە سەددامی دیكتاتۆر لە ئاژاوە نەگەڕیَ وئاژاوە نەنێتەوە ستافی دادگا بە هیچ شێوەیەك هەولی نانەوەی ئاژاوەو كێشە نادات،تاوانبارەكان یەك یەك دەهێنرێنە ناو هۆڵی دادگا،سەددام لە پێشی هەموویانەوەو عەلی كیمیاویش دوا كەسە دەیهێننە ناو هۆڵی دادگا،روخساری تاوانبارەكان شەڕو خوێنیان لیَ دەچۆڕیَ،بەلاّم لە گەل ئەوەشدا پیَ دەچوو هەریەك لای خۆیانەوە بڕیاریان دابیَ قسەیەك نەكەن.سەددام لە گەل تاوانبار هاشم سوڵتان گفتوگۆ دەكا،دادوەر محەمەد ئەلعورەیبی راستەوخۆ ئینزاری سەددام دەكاو پێی دەڵیَ:بە پێی یاسا لە ناو قەفەسی تاوانباریدا نابیَ دوو تاوانبار پێكەوە قسە بكەن،لە دانیشتنی یەكەمدا سیَ سكالاّكار بەوردی باسی بەسەرهاتی خۆیان كرد لە چوارچێوەی پەلاماری ئەنفالدا وگەڕانەوەیان لە زیندانەكانی دبس ونوگرە سەڵمانەوە،ئەم سیَ سكالاّكارە لە پاشماوەی ئەو خێزانانە بوون كە ناسنامەی كەس وكارە بیَ سەرو شوێنكراوەكانیان لە گۆڕە بەكۆمەڵەكاندا دۆزرابوونەوەو گەیەندرابووە دەستیان.خستنە رووی ئەو بەڵگەنامانە وەك دیكۆمێنی سەڵمێنراوو ساغراوە تاونبارەكانی بێدەنگ كردبوو.تەنها عەلی كیمیاوی نەبیَ لە موداخەلەیەكی مەهزەلەئاسادا وتی:(من باوەڕناكەم گرتووخانەیەك هەبیَ بە ناوی نوگرە سەلمان)ئەم قسەیەی كیمیاوی زۆر جێگای گاڵتەجاڕی بوو چونكە میوانە بیانییەكان ونوێنەری رێكخراوەكلانی مافی مرۆڤیش بە وردی قەساوەتی گرتووخانی نوگرەسەلمان ودبس وتۆپزاواو تێكڕای گرتووخانەكانی عێراقیان بیستبوو.لەوەش گاڵتەجاڕی تر كیمیاوی داوای دەكرد لێژنەی لێكۆڵینەوە بۆ سەلماندنی بوونی یان نەبوونی گرتوخانی نوگرە سەلمان پێكبهێنریَ.بە دیوەكەی تردا تاوانبارەكان لە سەرووی هەموویانەوە سەددام لە ئاستی سكالاّكارەكاندا واقیان وڕ مابوو، پاساوەكانی عەلی كیمیاویش جگە لەو گاڵتە جاڕیەی باسمان كرد هیچی تر نەبوو،رۆژی دووەمی دادگا دەست پێدەكاتەوە،بە هەمان شێوەی رۆژی یەكەم وتێپەڕاندنی رۆتینیاتەوكان،ئێمە گەیشتینە ناو هۆڵی دادگاو بەلاّم وەك وتم ژمارەی میوانەكانی ئەمڕۆ زۆرتر بوون.ئەمڕۆ 10/10 دڵەڕاوكێیەكی زیاتر دایگرتوین چونكە تۆزێك درەنگ تر لە رۆچی پێشو گەیەنراینە ناو هۆڵی دادگا.پێش ئەوەی تاوانباران بهێننە ناو هۆڵی دادگا ودادگاییەكە دەست پێبكات برادەرێكی نزیك لە دادگاییەكە پێی وتین:ئەگەر بەخت یاوەرتان بیَ ئەمڕۆ تاوانبارەكان ئاژاوە دروست ناكەن ولە هۆڵی دادگا ناكرێنە دەرەوەو گوێتان لە سیَ سكالاّكاری گرنگ دەبیَ.كە بەهێزترین سكالاّكاری ناو كەیسی ئەنفالن.تاوانبارەكان بەدوای یەكدا دەهێنرێنە ناو هۆڵی دادگا ،روخساریان لە دێنیَ ناشیرینترە سەددام هەر كە دانیشت بیَ ئەوەی یارمەتی لە سەرۆكی دادگا وەرگریَ داوای دەفتەری نوسینی كردنسەرۆكی دادگا قسەكەی پیَ بڕی ووتی :من لێرەم وسەرۆكی دادگام دەتوانی چێت بویَ داوا لە من بكەیت ومنیش ئەوەی یاسا رێی پێداوە بۆتی دابین دەكەم.سەددام لە وەلاّمدا تۆزێك هەڵچوو،بەلاّم دیاربوو مەسەلەكە دەفتەرو قەڵەم نەبوونبەڵكو مەسەلەكە لەوەدا بوو كە تاوانبارەكان هەریەكە كۆپییەكی ئیفادەی سكالاّكارەكانیان لە بەر دەست بوو.بۆ زانیاری زیاتر كۆپی ئیفادەی تێكڕای سكالاّكارەكان لە لایەن دادوەری پێشوو عەبدولاّ عامرییەوە دراوەتە

تاوانبارەکان،تاوانبارەکانیش لە بەر ئەوەی ئیفادەی سکالاکارەکانیان لە بەردەستدایە ئاگاداربوون لەوەوی ئەمڕۆ سکالاکارەکان دەم ودەستیان دەوبەستنەوەو بوارێك بۆ پاساوە نابابەتیەکانیان ناهێڵنەوە چونکە ئەگەر سکالاکارەکان ئامادە بن لە ئیفادەکانیان لە گەل دادوەری لێکۆڵینەوە هەموو راستییەکان بگێڕنەوە بۆ دەبێ شەرم لە دیکتاتۆرو جەلادێکی وەك سەددام وهاوەڵەکانی بکەن وراستییەکان باس نەکەن.شکاتکاری یەکەم بێ ئەوەی ناوی خۆی وشوێنی دانیشتنی ئاشکرا بکات زۆر بە وردی ئەوەی بە سەریدا هاتبوو گێڕایەوە دواتر داوای لە سەرۆکی دادگا کرد لە بەر ئەوەی بابەتێکی تایبەتی هەیەو دەیەوێ تەنها دادگا بیبیستێ،بەداخەوە لەم حاڵەتەدا گوێبیستی ئەو چیرۆکە تاڵە بێ،بەلام وەك حاڵەتێکی نائارامی کەوتبێتە کەوڵم لە یەکێك لە دادوەرەکان بە ناوی(م.ق)پرسیارم کرد ئەویش وتی ئەو ئافرەتە باسی حاڵەتێکی زۆر تایبەتی کرد کە ئەویش ئەوەیە بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر وتاوانی سێکسی بەرامبەر کراوە.با بگەڕێینەوە ناو هۆڵی دادگا، تاوانبارەکان وەك ئەوەی پێش وەخت بەرنامەیەکیان دانابێ کەوتنەپرسیارو موداخەلەی بێ سەرو بەر.عەلی کیمیاوی تورە دەبێ وپاسەوانەکانی ناو دادگا بە زۆر دایدەنیشێننەوە،سوڵتان هاشم بە شێوەیەکی زۆر هێستریانە قسە دەکات،سەددام وەك شێوازە نائاساییەکەی خۆی بێ ئەوەی یارمەتی لە سەرۆکی دادگا وەرگرێ هەستایە سەر پێ وچووە بەردەم مایکەکەی بەردەمی وئەم ئایەتەی خوێندەوە(قاتلوهم حتى لا تكونوا فتنة في الارض)سەرۆکی دادگا مایکەکەی لێ کوژاندەوە سەددام توشی هیستریا بوو گەڕایەوە شوێنەکەی خۆیی ولە سەر کورسییەکەی دەستی وبە زمانێکی زۆر بازاڕییانە دەستی کرد بە قسە کردن.سەرۆکی دادگا داوای لێکرد سنوری خۆی بزانێ وڕێز لە دادگا بگرێ وزوك تاوانبارێك هەڵس وکەوت بکات.سەددام زۆر هیستریانە تر قسەی کردو وتی: تۆ رقت لە منە لە بەر ئەوەی کاتی خۆی داوات پێشکەش کرد لە کۆلێژی سەربازی وەربگیرێی کە وەرنەگیرای چوویت بۆناو موعارەزەو ئێستا دەتەوەێ تۆڵەی خۆت بکەیتەوە.من تا گۆێم لەم قسەیە نەبوو نەمدەزانی سەددام ئەوەندە بازاڕییانە قسە دەکاو سنوری خۆی نازانێ. ناو هۆڵی دادگا دەبێتە فەوزا هەر حەوت تاوانبارەکە جوێن دەدەن وقسەی ناشیرین دەکەن،حسێن رەشیدی تاوانبار پەلاماری یەکێك لە پاسەوانەکان دەداو یەك دوو مستەکۆڵە پیا دەکێشێ تەنها لە بەر ئەوەی بە بڕیاری سەرۆکی دادگا پاسەوانەکان هەوڵ دەدەن تاوانبارەکان دابنیشێننەوەو هێمنی ناو هۆڵەکە رابگیرێ،بەلام تاوانبارەکان بەردەوزامن لە فەوزا نانەوەو سەرەنجام سەرۆکی دادگا،بڕیار دەدا تاونبار سەددام لە بەر بێڕێزی نواند بە دادگا بکرێتە دەرەوە.تاونابارەکانی تریش بە دوای سەددامدا دەیانەوێ بچنە دەرەوە،بەلام سەرۆکی دادگا رێگەیان لێ دەگرێ ودەڵێ: تاوانبار سەددام دەچێتە دەرەوە نەك ئێوە.هەوڵەکانی سەرۆکی دادگا بۆ دانیشانەوەیان بێ ئاکام دەبێ وهۆڵی دادگا زیاتر ئاڵۆز دەبێ بۆیە سەرۆکی دادگا بڕیار دەدات بۆیەك کاتژمێر پرۆسەی دادگاییەکە رابگیرێ.

## دانیشتنێکی داخراو:

دوای ئەوەی سەدام و حوسێن ڕەشید بەبڕیاری سەرۆکی دادگا دەرکرانە دەرەوە ، و سەرۆکی دادگا بڕیاری دا بۆ ماوەی کاتژمێرێك پرۆسەی دادگاییەکە ڕاگرێ. دوای کاتژمێرێك پشوودان ، دانیشتنێکی داخراو دەستی پێکرد لەنێوان سەرۆکی دادگاو دەستەی داکۆکی کارو پارێزەری قوربانیانی ئەنفال و پارێزەرە دەست نیشان کراوەکان بۆ تاوانباران دەستی پێکردو بواریان نەدا میوانەکان ئامادەبن. یەکێك لەداواکانی تاوانباران ئەوەبوو کەئەم دانیشتنە ئامادەنەبن. بۆماوەی یەك کاتژمێر گفت و گۆیەکی چڕ لەنێوان تاوانباران و دادگا بە هەموو ستافەکەیەوە بەردەوام بوو. وەك لەسەرەوەش ووتمان مەبەستی سەرەکی تاوانباران ئەوەبوو کەگوێ لە سکالا کارەکانی ڕۆژی دووەم نەگرن بەوپێیەیی بابەتی ترسهێنەری لەلایەن جەلادەکانی بەعسەوە لە خۆگرتبوو.

سەدام و تاوانبارەکان گوێیان لە ئازاری ژنێك نەگرت:

ژنێکی کورد کە ناوی خۆی نەوت و تەنانەت نەیتوانی ناوی شوێنی نیشتە جێبوونەکەشی بڵێ، دوای ئەوەی کەسەدام و تاوانباران نەهاتنەوە ناو هۆڵی دادگا و سەرۆکی دادگا بڕیاری دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکانی دادگای دا، باسی

بەسەرهاتی خۆی و ئەو خێزانانەی کرد کەلە زینـدانی (دبـز)بـوون. ئـەم ئافرەتـە بـەزمانی (عـەرەبی) نـەك سـادە بـەڵکو عەرەبیەکی تەواو ڕەوان قسەی دەکردو چیرۆکی ئازارەکانی دەگێڕایەوە. پێشم وایە سەدام و تاوانبارەکان بۆیـە ئالۆزییـان خستە نـاو دادگاوە بۆئـەوەی سـەرۆکی دادگـا بیانکاتـە دەرەوەو گـوێ لـە ئـازاری ئـەم ژنـە لەسـایەیی جـەلادەکانی بەعـدا نـەگرن. ئـەم ژنـە باسـی حاڵـەتێکی زۆر ترسـهێنەری کـردو ووتـی: کـچێك کـە زۆر جـوان بـوو(بێگومـان ناوەکەشـی ووت) ئەفسەرێك هاتە قاوشەکەمان و داوای لێکرد بچێتە لای و لە گەڵیدا ڕابوێرێ، بەڵام کچەکە تفێکی تێکـردو قـسەی پێـوت. جاری دووەم دیسانەوە ئەفسەرەکە هاتەوەو داوای لێکرد لەگەڵی بچێ، کچەکە توونـد تـر تفـی تێکـرد و قـسەی پێـوت. بۆیـە ئەفسەرەکە تووشی هستریابوو، بەعەرەبی ووتی(انی ادری شلون اسولك جارة) دوای نیوسـەعات ئەفـسەرەکە هاتـەوەو بە پرچ ڕاکێشان کچەکەی لە قاوشەکە بردە دەرەوەو لەناوەڕاستی گۆڕەپانی سەربازگەکەدا و بە بەر چاوی هەمـوومانـەوە کچەکەی (ئیغتساب)کرد و دوای ئەوەش یەك فیشەکی نابەکەلەی سەرییەوە. ئێمە زیندەقمان چووبوو، نەمانـدەزانی چـی بکەین. چونکە ترسمان هەبوو هەموومان والێبکەن. هەروەهاووتی: مـن بەچـاوی خـۆم بێجگـە لـەو کـچەلی کەباسـم کـرد، (6)کچی ترم بەچاوی خۆم دیوە کە (ئیغتسابیانکردن).

دوای ئـەم چـیرۆکە تـاڵ و مـرۆڤ هەژێنـەرە ، سکاڵاکەرەکە داوای لەسـەرۆکی دادگـاکرد مایکـەکان بکوژێنێتـەوەو هەنـدێ حاڵـەتی تایبـت بـەخۆی و مەترسـی داری لایـە تـابۆی بگێڕێتـەوە، سـەرۆکی دادگـا مایکـەکانی کوژانـدەوەو بـۆ مـاوەی (20)دەقیقە سکالاکارەکە بۆ سەرۆکی دادگا و داکۆکیکاری گشتی و پارێزەرەکـان قـسەی کـرد. بەداخـەوە ئێمـەش بێبـەش بووین لە گوێگرتن لە ناوەڕۆکی ئەو بەسەر هاتە تاڵە کەسەدامی فاشی و دیکتاتۆ و تاوەنبارەکانی تر ئامادەنەبوون گـوێی لێبگرن. سکالاکاری سێیەمیش بەهەمان شێوەی سکالاکاری دووەم باسـی ئـازرێکی سـەیرو گورچـك بـڕی دەکـرد، کـەمرۆڤ ناتوانێ وەك خۆی بیانگرێتەوە و گوزارشتیان لێبکا.

ئێسك و پرووسکی ئەنفالکراوەکان دێنە ناوهۆڵی دادگا:

بابەتێکی زۆر گرنگ هەموو سکالاکارەکان کە لە زاری هەموو کالاکارێکەوە دادگا دەهەژێنێ ودەبێتە پرسیارێکی بـێ وەلام ئـەویش ئەوەیە،کـە هـەموو سـکالاکارەکان وەك قوربـانی پـەلاماری دڕندانـەی ئـەنفال ورژێمـی گـۆڕکراوی بـەعس داوای هێنانەوەی ئێسك وپروسکی کەس وکارە بێ سەروشوێن کراوەکانیان دەکەن لە دوای روخانی رژێم دەرکەوت زیندەبەچاڵ کراون.بۆیە پێویستە ئەم داوایەی کـەس وکاری قوربانیـانی ئـەنفال بـە جیـددی لـە بەرچاو بگیرێ وکار بـۆ هێنانـەوەی ئێسك وپروسکی ئەنفال کراوەکان بکرێ ولە شیاو ترین شوێندا منومێنتێکی شایستە بە قوربانیەکانیان بۆ بکرێ.

## پارێزەرو وەرگێڕەکان:

ئەوەی کە زۆر بە جیددی تێبینی دەکرێ لـە نـاو هـۆڵی دادگادا لـە لایـەن سـەرۆکی دادگـاو دەسـتەی دادوەرو داکۆکیکارە گشتییەکانەوە ئەوەیـە کـە دەسـتەی پارێزەرەکـانی قوربانیـانی ئـەنفال بـە شـێوەیەکی زۆر ناکاراو سادە کـاری پـارێزەری خۆیـان رایـی دەکـەن.لـە تێکـڕای ئـەو گفتوگۆیانـەی سـەبارەت بـەم بـوارە کردمان،جگـە لـەوەی کـە نارەزاییەتیـەکی زۆر سەبارەت بەم مەسەلەیە هەیەو جیددی ترین تێبینی ئەوەیە کە بۆچی لە تێکڕای دادوەرەکانی کوردستان کە خەڵکی بـە تواناو شارەزایان تیایە وازیـان لـە کـاری دادوەرێتـی خۆیـان نـەهێنا وبـێن ولـە پرۆسـەیەکی نیـشتمانی نەتـەوەیی مرۆیـی ئـەخلاقی وا گـەورەدا کـاری پـارێزەری بکـەن.روونـتر پارێزەرەکـانی کەیـسی ئـەنفال لـە تواناییانـدا نییـە وەك کەیـسی کۆمەڵکوژی وتاوانـەکانی دژی مـرۆڤ وکیمیابـاران وسـڕینەوەی شوناسـی نەتەوایـەتی کـار لـەم کەیـسەدا بکـەن.بـەڵکو وەك مەسەلەیەکی سادەی نێوان سکالاکارێك وتومەتبارێك مامەڵە دەکەن ودەجوڵێنەوە،ئەمـەش گـەورەترین زیـان لـە کەیـسی ئەنفال دەدات،لە لایەکی تریشەوە ئەو وەرگێڕانەی کە کورد زمانن وکاری وەرگێڕی لە کوردییەوە بۆ سەر هەردوو زمـانی عەرەبی وئینگلیـزی دەکـە وبـە پێچەوانەشەوە لـە عەرەبیـەوە بـۆ ئینگلیـزی وکوردی دەکـەن،تێبینی ورەخنـەی زۆریـان ئاراستە دەکرێ لە بەر ئەوەی بە شێوازێکی پـڕ لـە هەڵـە پرۆسـەوی وەرگێڕانەکـە ئـەنجام دەدەن.مـن بـۆ خـۆم کـە کـورد زمـانم وتـا رادەیـەکیش زمـانی عـەرەبی دەزانم گـوێم لـە وەرگێـڕە کوردەکـان نـەدەگرت ولـە رێگـای ئاخـاوتنی زمانـە عەرەبیەکـەوە باشـتر تێدەگەیـشتم وگـرفتم ۆ دروسـت نـەدەبوو.پرسـیارەکە لێرەدایـە ئایـا لایـەنی کوردی لـە پرۆسـەی

**دادگاییکردنەکەدا هەوڵ دەدا ئەم گرفت وکێشە گەلانە چارەسەر بکات؟بە تایبەت پرۆسەی دادگاییکردنی سەددام وتاوانبارەکانی لە سەر کەیسی ئەنفال راستە هەنگاوێکی بڕیوە بەڵام هەستیارترین قۆناغی ماوەو ناکرێ کورد خوێن ساردانە مامەڵە لە گەل ئەو قۆناغە هەستیارەی پرۆسەی دادگایی کردنی سەددام وتاوانبارەکان لە سەر ئەنفال بکات.**